www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:24 13-2-2007

## کورد دەڵی: ئەگەر هیچ نازانی بڕوانە جیرانی ... پەشێوجاف

بەڵای کورد لەوەدایە هەردوو ئایدۆلۆژیای ئیسلامی و مارکسی لەداگیرکەرانی خۆی وەرگرتوە، لەکەسیش شاراوە نیە داگیر کەرانی کوردستان بەدرێژایی مێژوو بۆلێدان و لەناو بردنی کوردو بزوتنەوە ئازادیخوازیەکەی هاوکارو هەماهەنگ بون، بۆمەبەستەش هەموو کێشە مێژوویی و دوژمنداریە خوێناویەکانی خۆیان وەلاناوە . ئەگەر سەرنج لە مێژوی کۆن و نوێی ئەو داگیرکەرانە بدەین خاڵی هاوبەش و لێك گەیشتنیان لی بەدی ناکری، تاکە خاڵێك کەلێکی نزیك کردبنەوەو ناوەناوە هێنابنیە سەر مێزی گفتو گۆ کێشە ی کورد بووە، کەهاوپەیمانیەتی پی بەستوون و خستونیە بەرەیەکەوە بۆ لێدان و بەگژ داچونەوەی بەرەی کوردایەتی و کورد بوون .

گومان لەوە دانیە هەر ئایدۆلۆژیایەك لەڕێگەی ئەوانەوە بۆمان بی، دەبی لەبێژینگی شۆڤێنی بدرێ و هەر ئەوەندەمان بگاتی کە ببێتە ڤایرۆسی دوو بەرەکی و لەبەریەك هەڵ تەکاندی هێزو بیری کوردایەتی و تەم و مژ خستنە سەر ڕێڕەوی دۆزینەوەی ئاڕاستەی زانستیانەی کێشەکەمان و هاویشتنی هەنگاوی دروست بۆ چارە سەری .

کورد بەدرێژایی مێژوو لەسەر کورد بوون کوژراوەو نیشتمانی داگیر کراوە، نەك لەسەر ئیسلامی بون و مارکسی بون بۆیە ئێمەش دەبی خەباتی رزگاری نیشتیمانی بکەین و بەهێزی کوردایەتی بەگژ پیلان و دوژمنکاری داگیر کەراندا بچینەوە .

مێژوو شاهیدی ئەوڕاستیەیە کەداگیرکەرانی کوردستان لەهێزو بیری کوردایەتی زەندەقیان چوە، ئەو هێزەشیان لەسەر چاەچنۆکی نەتەیی و فراوانخوازی خۆیان بەمەترسیەکی گەورە زانیوە، هەربۆیەش بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابون ئەو هێزە لێك بترازێنن و بەبیرو بۆچونی جۆراو جۆر سەرگەرمی بکەن و کوردایەتی لەبیر بەرنەوە . هەرکاتێك کورد بۆڕزگاری نیشتیمانی خەباتی کردبیو بۆچارەسەری کێشەکەی ئاراستەیەکی نەتەوایەتی وەرگرتبی، ئەوا دوژمنان هەوڵیان داوە ئەو خەباتە چەواشە بکەن و ئەو ئاراستەیە بەتەم و مژی ئایدۆلۆژیای وشك بەلاڕێدا بەرن، بۆو مەبەستەش هەردو ئایدۆلۆژیای ئیسلامی و مارکسیان هەڵبژاردوەو هێزو بیری کوردایەتیان پێ لەت لەت کردوە . دوژمنان هەرکاتی تەنگاو بوبن و لەبەردەم هێزی جەربەزەی کوردایەتیدا بەچۆکدا هاتبن ئەوا بەئایەتی (واعتێموا بحبل اللە جمیعا ولا تفرقوا ...) یان (کریکارانی جیهان یەکگرن) کوردیان لەخشتە بردوەو باری لاری خۆیان ڕاست کردۆتەوە .

ئێمەو داگیرکەرانی کوردستان، لەوەرگرتنی ئەو دو ئایدۆلۆژیایە بەدرێژایی مێژوو جیاوازیەکی گەورەمان هەبوە، ئەوان هەردو ئایدۆلۆژیایەکەیان کلك و باڵ کردون، تاوای لێهاتوە لەگەڵ خواستە شۆڤێنیو بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان گونجاندوە، کوردیش بەپێچەوانەوە کلك و باڵی خواستە نەتەوەییەکانی خۆی کردوە، تاوای لێهاتوە لەناو دەریای بەرژەوەندی ئەو دوئایدۆلۆژیایە بی سەرو شوێن بوە، هەرکاتێکیش خواستە نەتەوەییەکان و بەرژەوەندی ئەو دوئایدۆلۆژیایە لەیەکیان لادابی، ئەوا کورد بی دودڵی دەست بەرداری خواستە نەتەوەییەکانی بوەو هەمو مافە ڕەواکانی بەقوربانی پیرۆزی ئایدۆلۆژیاکان کردوە .

کورد بەردەوام باجی ئەو هەڵە گەورەیەی داوە، هەرکاتی داشمان سواربوبیو گۆڕانکاریەکان لەبەرژەوەندمان بوبن، دوژمنان بەدێوجامەی ئایدۆلۆژیاوە ڕاویان کردوین و بەڕیشی درێژو سمێڵی کورت و سەڵتەو جبەی سوننەتیەوە خۆیان لەماڵ هاویشتوین و بەئایەتی (واعتێموا بحبل اللە جمیعا ولا تفرقوا ...)، بەحەبلی شۆڤێنیەت و بەرژەوەندی خۆیانەوە شەتەکیان داوینەوە، یان بەدروشمی (کریکارانی جیهان یەکگرن) یەکێتی کوردیان لەبەر یەك هەڵوەشاندوەو بەتەق و هوڕی چەکوچی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کرێکاری سەریان ئاوساندوین لەکاتێکدا بەهەر چوارپارچەی کوردستان ئەوەندەمان کرێکار نەبوە چوار چەکوچ لەکارگەیەکدا هەڵسورێنن .
مێژووی کۆن و نوێی بزوتنەوەی ئازادی خوازی کوردو چاوچنۆکیو ڕەفتاری شۆڤێنیانەی داگیر کەرانی کوردستان پێمان دەڵێ: دوژمنان هەڵگری هەر فکرەو ئایدۆ لۆژیایەك بن، عیلمانی بن یان ئیسلامی، دیموکراتی بن یا دیکتاتۆر، سۆشیالستی بن یا ناسیۆنالستێکی توند ڕەو درِدۆنگ و نارێك بن یا ڕێكو تەباو دۆست، بەیەك عەقڵ لەکێشەی کورد دەڕوانن کەعەقڵی زەبرو زەنگە، یەك پەیامیشیان بۆ کورد پێیە، کەپەیامی شێواندنی دیموگرافیای کوردستان و توانەوەی کوردە لەناو بۆتەی نەتەوە پەرستی خۆیاندا، بۆیە ناکری بەئایەتێك یان دروشمێك خۆیان لەباوەش باوین .
دوای ئەوەی بەرژەوەندیەکانی یەکێتی سۆڤیەت هەڵسوران، ئەوەش پێویستی بەسەنگەر گۆڕینی حیزبی شیوعی عێراقی هەبو بەچاو هەڵتەکانێکی سۆڤیەت ئەو حیزبە بەرەو بەغدا کەوتە ڕیو لەحیزبی ئۆپۆزیسیۆنەوە بوبەبەشێك لەدەسەلات و لەتەموزی ساڵی 1973 خۆیان تەقلیدی ئیمامی مارکسی کردوو سەت و هەشتا دەرجە بایان دایەوەو چونە ناو بەرەی بەناو پێشکەوتنخوازی عێراقیەوە، کەحیزبی بەعس ڕابەرایەتی ئەو بەرەیەی دەکرد . لەکاتێکدا ئەوحیزبە ئەندام و لایەنگرێکی زۆری لەکوردستان هەبوو، بەوەش ئەو هێزە کوردیە لەشۆڕشی ئەیلول دابڕا کەلەو کاتەدا شۆڕشی ئەیلول ڕابەرایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی دەکرد لەباشوری کوردستان .
لەوەتەی دروشمی (کرێکارانی جیهان یەکگرن) هەیە، لەوە باشتری پێ نەبوە بۆ کوردی چەوساوەو ژێر دەستە یان بەواتەیەکی تر بەهۆی تێنەگەیشتنمان لەو ئایدۆلۆژیایە نەمانتوانیوە لەوەزیاتر کەڵك لەو دروشمە وەرگرین .
بۆیە پێویستە هەرکاتێك پێیان گوتین: (کرێکارانی جیهان یەکگرن)، بەوشعرە وڵامیان بدەینەوە .
ئەی کوردینە ئەی مەردینە بادەست لەناو دەستکەین هەموو .
بۆبەرزێتی خاکی وەتەن بۆیەکێتی بچین هەموو کوردین هەموو .
لەتەموزی ساڵی ڕابردوش شەڕ لەنێوان جولەکەو حیزبول عەرەبەی عەرەبی ڕویدا، بەر لەڕودانی ئەو شەڕە بەچەند ڕۆژێك، حەسەن نەسروڵا ئەمیری گشتی حیزبول عەرەبەی عەرەبی لەوتارێکیدا وتی: کورد ئیسرائیلی دووەمە . لەگرمەی ئەو شەڕەدا علی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەهەولێر بەدەرزەنێك فتوا، توانی چەند سەد کەسێك بێنێتە سەر شەقام، بۆپشتیوانی لەو حیزبەی کەئەمیرەکەی کورد بەئیسراِئیلی دوەم دەناسێنی، لەوتارێکی ئایەت ئامێزدا، بەهات و هاوارو شیرە شیرەوە، دەیگوت: (واعتصموا بحبل اللە جمیعا ولاتفرقوا ...) .
سەیرە! زۆر سەیرە لەکاتێکدا کورد بەئیسرائیلی دووەم ناوبری کەچی علی باپیر دەیەوی کوردو حەسەن نەسروڵا بەیەکەوە دەست بەحەبلی خواوە بگرن، ئەی ناترسی حەسەن نەسروڵا ئەوحەبلەمان لەمل کاو بمانخنێکێنی، هەروەك دەیان جار خنکاندویانین .
برای ئیسلامی! هەرواتان هێنا، لەسەردەمی مەلای خەتیو بەر لەئەویش دەیان جار دێوجامەی ئیسلامیو خواپەرستیتان بۆلەسەر ناوین و بەو ئایەتە چاوتان بەستوین و بەحەبلی شۆڤێنیەتی داگیرکەرانتانەوە بەستوینەوە .
لەژێر ئەوهەموو هەڕەشەو گوڕەشەو چاو سورکردنەوەیداگیر کەرانی فارس و تورك و عەرەب، دێین چەکتان دەکەین، ئەو ئەزمونەتان لی تێك ئەدەین، کەرکوك نابی بگەڕێتەوە سەر کوردستان و دەیان هەڕەشەی بێماناى تر، هەڵوێستێکی ئیسلامی کوردانەمان لەعلی باپیر نەدی، یان پێمان بڵێ: بەپێی شەریعیت و فەرمودەی خوای گەورە ڕەوایە کوردیش هەڵگری هەر فکرەو ئایدۆلۆژیایەك بێت، باچاو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەجیرانەكانی بكات و بۆ ڕزگاری كوردستان دەست بەحەبلی كوردایەتی بگریو خۆی لەپەلاماری وحشیانەی داگیركەرانی كوردستان بپارێزی .
حەسەن نەسروڵا ناهەقی نیە بەئیسرائیلی یەكەمیش ناومان بەری، علی باپیرێك! بۆ ڕێزگرتن لەخوێنی شەهیدان خولەكێك بەپێوە نەوەستیو شێعری بەرزی (ئەی ڕەقیب) و ئاڵای كوردستان موچوڕكی كوردانەی پێدا نەهێنن، دەبی كورد هەرچاوەڕوانی ئەنفال و سوكایەتیەكانی حەسەن نەسروڵاو هاوشێوەكانی بی .
بۆیە پێویستە هەركاتێك داگیركەرانی كوردستان چ خۆیان چ لەڕێگای سێبەرەكانیان لەكوردستان پێیان وتین: (واعتیموا بحبل الله جمیعا ولاتفرقوا ...)، ئێمەی كوردیش یەك دەنگ هاوار بكەین و بەو شێعرەی مامۆستا هەژارموكریانی بێینە ولام.
كوردم و لەڕیی كوردو كوردستان
سەر لەپێناوم گیان لەسەر دەستان
بەكوردی دەژیم بەكوردیدەمرم
بەكوردی دەیدەم ولامی قەبرم
بەكوردی دیسان زیندو دەبمەوە
لەو دونیاش بۆ كورد تێهەڵدەچمەوە .
دەڵێن تاقی كراوان تاقی مەكەنەوە، ئێمەش دەیان جار داگیركەرانی كوردستانمان تاقی كردونەوە، لەنێت پاكیو دڵسۆزیمان بۆئاینی پیرۆزی ئیسلام، بەخوێندنەوەی ئایەتێك مافە نەتەوەییەكانمان بەسوكە بەڵنێك و فتوایەكی درۆزناوی سپاردون، بەڵام داگیركەران نەرێزیان لەو ئایەتانە گرتوە نەپابەندی بەڵێنەكانیشیان بون، فتواكانیشیان تەنها بۆ ئەوە بوە قاچی كورد بخەنەوە تەڵەی شۆڤێنستی خۆیان .
بۆیە هیچ دەرفەتێك لەبەر دەم كوردا نەماوە، تەنها ئەوەنەبی كەڵك لەجیرانەكانی وەربگری، بەكوردایەتی پێش بەپەلاماری فارساندن و توركاندن و عەرەباندندا بگری . كورد ئیسلامی بی یان ماركسی، یان هەر بیرو بۆچونێكی تری سیاسی هەبی، پێویستە لەچوار چێوەی كوردایەتیدا خۆی كۆبكاتەوە، بەوەش دەتوانی هەم مافە نەتەوەییەكانی دەستە بەر بكاو هەم خزمەت بەئایدۆلۆژیاو بیرو بۆچونە سیاسیەكانیشی بكات .

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.